# ئیوه بەدەستیکەڵکردنتان لەگەڵ شیعە

# عیراقتان بردۆتە سەرلیواری جەنگی ناوخۆ!

## وەڵامیك بۆ مەلابەختیار

**محمد غفور**
mgafor@yahoo.com

**مەلابەختیار لەوەڵامی پرسیارەکانی عبداللە شەریفیدا لەچاوپیکەوتنەکەی لەگەڵ رادیۆی لاوانی حیزبی دیموکراتی ئیراندا، کۆمەلیك قسەی تازەی کردووە دەربارەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وپەلامارە چەکدارییەکەی یەکیتی نیشتمانی لەتەمموز2000دا، کەنیشانیئەدات یەکیتی نیشتمانی هەروا لەسەر سیاسەتی ملهوری وقبوڵنەکردنی موخالیفی سیاسییان وپابەندنەبوونیان بەمەبدەئەکان وبنەماکانی ئازادی سیاسی، وپیشیلکردنی ئەم ماف وئازادیانەوە بەبیانووی پروپووچەوە ماونەتەوە وئەم شیواز وهەلسوکەوتەیان دریژەپیدەدەن وکردوویانەتە ئاراستە ومیحوەری جاروجەنجالیان دەربارەی ئازادی سیاسی ودیموکراتییە بیسنوورەکەیان کەجلال تالەبانی لەپیشیانەوە بەمناسەبە وبیمناسەبە هاواری بۆدەکات!**

**مەلابەختیار ئەیەوی بەکیشکردنی ئەم مەسەلەیە بۆ ناو باسی سیناریۆیەکی گالتەجار کەئەم دواییانە لەژیر سایەی پۆستاڵ ودەبابەی ئەمریکادا سازیانکرد، خۆڵبکاتە چاوی خەلکەوە. تاقە شتیك کەبەدەستیەوە هەیە "کەمبوون و بچووکبوونی حیزبی ئیمەیە!!" پرسیاریك کەدەبی مەلابەختیار ویەکیتی وەڵامی بدەنەوە ئەوەیە، کەئایا ئەم شتە، یانی بچووکبوونی لایەنیك یاحیزبیك لەدیموکراسییەکەی بزووتنەوەی کوردایەتیدا شەرعییەتی قەتڵوعامکردنی هەیە؟ دەنا ئیعترافی نەوشیروان مستەفا لەبەردەمی وەفدی گفتوگۆی حیزبی ئیمەدا، وچاپکرانی دەسخۆشانەی جمهوری ئیسلامی ئیران لەمپەلامارەی یەکیتی بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیست لەزمانی رەمەزان زادەوە لەرۆژنامەی کەیهانی زمانحالی ئەو رژیمەوە، وئەنجامدرانی ئەم تاوانە بەرۆژی رووناك وبەبەرچاوی خەلکی شاری سلیمانییەوە بەهیزیکی گەورە وگرانەوە، ئەویش لەسەروبەندی ووتوویژکردن لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا، جگەلەدووری هەلویست وقسەکانی لەراستییەوە، وغەریبی ئەم حیزبە عەشیرەییانە بەکۆمەلگای مەدەنی وبنەماکانی ئازادی ودیموکراتی هەتا بەمانا بۆرژوایيیەکەشی، وەئەوپەری بیپرەنسیپی سیاسییان وسووکایەتیکردنیان بەئازادی سیاسی وبەخەلکی کوردستان لەلایەن مەلابەختیار ویەکیتی نیشتمانییەوە چمانایەکی دیکەی هەیە!؟ ئەو دەلی:(ئەگەر لەکوردستان**

ئازادی نەبوو، ئەی لەعیراق بۆ بەشداری هەلبژاردنتان نەکرد؟). هەلویستی حیزبی ئیمە لەو گالتەجارەی سازکرا زۆر رۆشنە ومەلابەختیار خۆی لی لادەدات. بۆیە من لیرەدا هەوڵدەدەم وەڵامی ئەم بەشە لەقسەکانی بدەمەوە.

پیش هەرشتیك مەلابەختیار دەبێ ئەوە باش بزانێ هەرکەس گوێی لەقسەکانی بیت دەربارەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری، کەبەحسابی خۆی بەبچووك نیشانی دەدات وگوایە هیچ کاریگەرییەکی نییە بەسەر رووداوەکانەوە، بۆی ڕووندەبیتەوە کەئەم حیزبە سەنگی قورسی بەسەر مەلابەختیاریشەوە داناوە، وکۆسپیکی گەورەشە لەبەردەم پاڵپیوەنانی کۆمەلگای عیراق لەلایەن ناسیونالیزمی کورد وئیسلامی سیاسی بەپشتیوانی ئەمریکا بۆناو جەنگیکی ناوخۆ کەهەرئیستا سەرەتاکانی بەئاشکرا دەبینرین. بۆیە ئەو بەمدەست وئەودەم کەوتۆتە ئاوەژووکردنەوەی راستییەکان ! باشترە یەکیتی نیشتمانی بەخۆیدا بچیتەوە وریزبۆ ئازادی سیاسی دابنیت.ئەمە تەنها ریگایەکی سیاسی وئوصولییە بۆ چارەسەربوونی ئەم کیشەیە.دەنا کیرڤی رووڵەخواری لەدەسچوونی ئیعتباری سیاسیی خیراتر دەبێ. سیناریۆیەك کەمەلابەختیار خۆی پیوەبادەدات گالتەجاریك بوو کەبەخۆڵپژاندن بەچاوی خەلکدا سازیان کردوو، بەرەنجامی 12ساڵ گەمارۆی ئابووری و2ساڵ داگیرکاری وجەنگی نیوان دوو بەرەی تیرۆریستی ئەمریکا وئیسلامی سیاسی ونابووتکردنی سەرتاپێی بنەماکانی کۆمەلگای عیراق وتیاچوونی زیادلە100هەزار ئینسان بوو لەم پرۆسە کۆنەپەرستانەیەدا. ئەم سیناریۆیە ناسنامەی هاووڵاتی لەدانیشتوان سەندۆتەوە ودابەشیکردوون بۆ عەرەب، کورد، تورکمان، شیعە وسوننە وعەشیرە وتائیفە. دوای چەند مانگ بەسەر هەلبژاردنەکەیاندا ودوای چەندین جەولە کیشمەکیش بۆ ریکەوتن  لەسەر حکومتیکی نیوەناچڵ، کەگوایە کابینەکەی جەعفەری پێیگەشتووە وهەموو شتیکیان لەنیوانیاندا دابەشکردووە، بەڵام ئەوەی کەلەئەجندەی ئەم ئیئتلافە گەندەلەدا نییە وغائیبە، بنەماکانی دەولەتکردن ویەکپارچەکردنی عیراق وگیرانەوەی لانی کەمی ئارامی وئاسایشە بۆ کۆمەلگا، تادەگات بەئاوی خواردنەوە وکارەبا وخزمەتگوزاریەکان. بۆچی! بەسادەیی هەر بەم دەلیلەی کە خودی ئەم هیزانە هەموویان بەشدار وشەریکی خولقاندنی ئەم سیناریۆ رەشەن. من بەمەلا بەختیار وبەبزووتنەوەی کوردایەتیش دەلیم، ئەوە ئیوەن خەلکتان لەگەڵ نییە وهیزتان نییە! دەنا فیدرالییەتیك کەئیوە باسی دەکەن، کۆمەلگای عیراقی پێدەکەنە یۆگۆسلاڤیایەکی تەواوعیار و، وخەلکی کوردزمان وعەرەبزمان وئەوەی ناوتان لیناون شیعە وسوننە بەدەستی یەکتر سکی یەکترتان پێهەلدەدرین. هەرئیستا هەمووتان باوەشینی ئەو ئاگرە دەکەن. ئیوە لەکەرکوك ودەوروبەری تۆوی رق وکینە وئاشووبی قەومیتان کردۆتە کەمپینی سیاسی هەمەرۆژەتان وناسیونالزمی عەرەب وتورکمان، وئیسلامی سیاسیش هەمان کاردەکەن. حکومەتیك وئیئتلافیك کەلەسەری پیکهاتوون، کاتی ولەرزۆکە وبناغەکەشی گەندەلە. چونکە لەسەر بنەمای دابەشکردنی

عیراق وخەلکەکەی بەگویرەی قەوم وتائیفە پیکهاتووە. ئەم ناکۆکیانە تاسەر بەشاراوەیی نامیننەوە ودرەنگ یازوو دەتەقینەوە. کوشتارگایەك کەلەشارۆچکەی سەلمانپاك بەرپاکرا بەدەستی پاشماوەی بەعسییەکان وئیسلامی سوننە، خەتەرناکترین زەنگیکە کەدرا بەگوێی خەلکی عیراقدا. نەعرەتە لیدانەکانی ناسیونالیزمی کورد وعەرەب وتورکمان لەکەرکوك ودەوروبەری هەروا. کوشتنی ژمارەیەك حەلاق ئەم رۆژانە لەلایەن تیرۆریستانی ئیسلامییەوە، ومەترسی ئیسلامیزەکردنی عیراق خەتەریکی ترە کەخەلکی عیراقتان لەگەلی بەرەورووکردۆتەوە. هەرلایەکتان بگری، هەر لەناسیونالیزمی کوردەوە تاشیعەی سیاسی وسوننەی سیاسی وزەرقاوییەکان وپاشماوەکانی بەعس تائەمریکا وبەریتانیا، ئەوەی بۆتان مەسەلە نییە خەلك وژیانی خەلك وئارامی وئاسایش وماف وئازادییە سیاسی وفەردییەکانی خەلکە. هەر هەمووتان بوونەتە پایەی کارەساتیکی هەمەلایەنە بەسەرسەری خەلکی عیراقەوە. ئەگەر نەخشەکانتان بۆ بچیتە سەر لەباشترین حالەتی خۆیدا، ئەوا عیراق یۆگۆسلاڤیزە دەکەن. لەغەیری ئەمەدا، ئەوە تەنها حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقە کەبەتەرحی بەدیلی رۆشن وسیاسەتی رۆشنی،وەبە راگەیاندنی پیکهاتنی کۆنگرەی ئازادی عیراق، خەریکی یەکگرتووکردن وریکخستنی سەرتاپای خەلکی عیراقە بۆ دوورخستنەوەی خۆیان وکۆمەلگاکەیان لەخەتەری جەنگیکی ناوخۆ کەدەرکەوتەکانی بەئاشکرا لەبەرچاویانە. رووقایمی بێوینەیە لای ناسیونالیزمی کورد، کەوا بەبوونی جلال تالەبانی بەسەرکۆمار بووترێ دەسکەوتیکی گەورە! ئەمە یانی بوونی جلال تالەبانی بەسەرکۆمار جگەلە بەرەنجامی هیزهاوسەنگییەکی کاتی لەژیر سایەی ئەمریکادا کەناسیونالیزمی کوردی بەلووتکەی ئارەزووەکانی گەیاندووە، زەررەیەك جیگای خۆشحالی نەك خەلکی عیراق نییە، بەلکو مەترسی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی پاکسازی قەومی وئەنفالی بەسەرسەری خەلکی کوردستانیشەوە راگرتووە. بۆیە خەلکی کوردستان ئەگەر بیانەوێ ئەم مەترسییە دوورخەنەوە دەبێ بەهاوکاری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری خۆین ریکخراو ویەکگرتوو وبەهیزبکەن بۆ ئەوەی خورافەی نەتەوەچیتی بۆ هەمیشە بخەنەکەنارەوە.

2ئایار2005